# هەفتەنامەی فیدراسیۆن

ژمارە 8

INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQ REFUGEES-IFIR www.federasion.org

هەفتەنامەی فیدراسیۆن ، بلاوکراوەیەکی هەفتانەی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی

30ی کانوونی یەکەمی 2007


## مانگرتنی پەنابەرانی عیراقی لە سویسرا سەرکەوتووانە کۆتای پێکهات !

دوابەدوای چەندین کۆبوونەوەی کۆمیتەی مافی مانەوە بۆ هەمووان کە فیدرسایون لایەنیکی بەهیزێتی وپاش دابینکردنی هەموو پیداویستی جۆراوجۆرەکان رۆژی چوار شەممە 19 /12 /2007 لەشاری زوریخی سویسرا ، بەبەشداری زیاتر لە 150 کەس و گلاتس بلازەر سەرۆکی فراکسیونی حزبی سەوز لە پەرلەمانی زوریخ ، کە جەمال کۆشش بۆ راکیشانی پشتیوانی لایەنە سیاسەکان رۆژی پیشت مانگرتنەکە کۆبوونەوەی لەگەلدا سازگکربوو، مانگرتنەکە دەستی پیکردو کەنیسەی ( گرۆس موینستەر) کە گەورەترین کەنیسەی سویسرایە و بە سیمبولی کەنسەکانی سویسر دەناسریت لە کاتژمیر 1,30 دەقیقە داگیرکرا .


.....D بۆ لایەرە 2




چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز قادر عزیز سکرتیری حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە پەیوەند بە کارو پرۆژەکانی فیدراسیونەوە

## ساڵی نوێ تان پیرۆزبێت !



دواین ساتەکانی ئەم ساڵ بەرەو پێنانە سەرەتای ساڵێکی نوێ دەچێت. بەداخەوە لەسەرتاسەری گۆی سەرزەویدا گەلێک کەمن ژمارەی ئەو ئینسانەی کە ئەم ساڵەیان لەباوەشی بەختەوەری و شادیدا بەسەربردبێت. شەر، کوشتار، داگیرکاری، برسیەتی، هەژاری بیکاری، ئاوارەی، بیٚ مافی و نابەرابەری بەرۆکی بە بەشەریەتی جیهانی ئەمڕۆ گرتووە . کە لەمبارەوە دانیشتوانی خەڵکی عیراق بەداخەوە پشکی شێریان بەرکەوتووە تەنانەت کار بەشوێنک گەشتووە کە خەلکی کوردستان لەپاڵ ئەزمەی ئاو، کارەبا ،


....D بۆ لایەرە 4



سەردانی ماڵ پەری فیدراسیۆن بکەن : www.federasion.org

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دریژەی مانگرتنی سویسرا ....

جێی ئاماژەیە کە پەنابەرانی کوردی عیراقی بەشداری فراوان و چالاکیانەیان لەم مانگرتنەدا کردو نزیکەی 60 کەسیان ئامادەبوون و لایەن و هیزیکی سەرەکی مانگرتنەکە بوون . وە هەر بەو بۆنەشەوە تەواوی میدیاکان و رۆیانلییان کردبوو، شایانی باسە هەر لەگەل دەستپیکردنی مانگرتنەکەدا چەندین تەلەفزیون و رادیۆ و رۆژنامەی سویسرای لەوانە تەلەفزیونی ئیس ئێف ی سەرتاسەری سویسرا کە کەنالێکی دەوڵەتیەو تەلەفزیۆنی دی ئارٍ ئیس ی سەرتاسەری و تەلەفزیۆنی زوریخ و رادیوی 24 و ئینرژی کە دەیان هەزار کەس گوێی لێدەگریٚ و رادیوی لۆراو دی ئاس رئیس و رۆژنامەی فۆرڤیرتەر و 20 مینوتە وبلیک کە سەدان هەزار نوسخەیان لیبلاودەکریتەو رۆژنامەی زۆریخ چەندین دەزگای تری راگەیاندنی تری گرنگ هەر لەیەکەم ساتی مانگرتنەکە هەوالی مانگرتنە کەیان بلاوکردوە . هاوکات چەندین رادیۆو رۆژنامە تەلەفزیون چاوپیکەتنیان لەگەل (ئەحمەد عەلی سکرتیری فیدراسیون وجوتیار ئەحمەد سەعید لە هەلسوڕاوانی فیدراسیون سازکردو ئامانجی مانگرتنەکەو سیاسەتی دژی پەنابەری دەوڵەتی سویسرا و بریاری ئارامی وئاسایش بوونی کوردستان کە لەلایەن حکومەتی سویسراوە دەرچووە و هەلومەرجی ویٚرانی عیراق بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی و ژیان و ئایندەی پەنابەرانی کوردستانی عیراقین بۆ میدیاکان باسکرد، ڕۆژی دووەمی مانگرتنە کەش دیسانەوە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی سازکرا ( فواد عەزیز ) هەلسوڕاوی فیدراسیون وەک نوینەری فیدراسیون بەشداری تیاداکرد .شایەنی باسە چەندین دەزگای راگەیاندن لە تەلەفزیون و رادیۆ و رۆژنامە بەشداریان تیادا کردو لە وەلامی پرسیارەکانیاندا فوادعەزیز هەلومەرجی پەنابەرانی کوردو عیراقی و ئامانجەکانی مانگرتنەکەی بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕوونکردوە . ئەوەی کەمایەی خۆشحالی پەنابەران بوو سەردانی پۆل پۆلی خەلکی بوو لەمانگرتووان، تا دەرنگیکی شەو مانگرتووان پیشوازیان لە میوانەکان دەکرد، دەولەتی سویسرا کە زۆر نیگەران بوو بەم بزووتنەوە نارەزایەتیەو بە داگیرکردنی گەورەترین کەنیسەی وولاتەکەی بە ناراستەوخۆ کەنیسەی خستبووە ژیر گوشارەوە کە ریگەی مانەوە بە پەنابەران نەدا ، بەلام مانگرتووان ریانگەیاند تاوەکوو حکومەت ناچاو وەلامدانەوە نەبیٚ بە داخوازیەکانمان ئیرە بەجێناهیلین وچۆلیناکەین، بۆ رۆژی دواتر 20 .12 حکومەت ناچارکرا کە وەفدیکی چەن کەسی بە سەرۆکایەتی پاریزگاری کانتونی زوریخ لەگەل نوینەری مانگرتوان ( ئەحمەد عەلی و میخی شتیگمایەر) و بەهاورییەتی سەرۆکی هەموو کەنیسەکانی شاری زوریخ کۆبیتەوە ، نوینەران داخوازیەکانی خۆیان خستە بەر دەست نوینەرانی حکومەت کە لە چەن خال پیکهاتبوو لەوانە ، راگرتنی بریاری گەرانەوەی پەنابەرانیک کەوەلامی نیگەتیڤیان هەیە بۆ کەمپی پەنابەرانیک کە ئیقامەی 1 سالی ئیف یان هەیە و پیدانی مافی پەنابەری پییان و .... وەفدەکەی حکومەتیش لە ولامدا بە لینیاندا ئەو بریارانەی کەلە بیرنەوە دەردەچی ئەوان راوانەی بیرنی دەکەن و کیشەی ( ئیف ) ئیقامەی یەک سالیش ئەمان تا ئەو شوینەی پیبانبکریٚ هەولی گوران و باشکردنی ژیانیان دەدەن و داوایان کرد لەمانگی یەکی 20008 جاریکی تر دابنیشنەوەو وەلایمیان پیٚ بدەنەوە وە داوایانکرد کەمانگرتنەکە کۆتاییپبینین . لە کوتایشدا نووینەری خۆپیشاناکە رایانگەیاند کە مانگرتنەکە بۆ ماوەیەکی کاتی رادەگرن و تا لاوەمیان پیٚ دەدەنەوە ، بەلام لە هەمان کاتیشدا ئیمە شیوازی جۆراجۆری تر دەگرینەبەر و خەباتمان دژ بە سیاسەتی دژی پەنابەری دەولەتی سوسیرا دریژە پیٚ دەدین، هەر ئیوارەی هەمان رۆژ وەفدیک لە ریکخراوی چاک کە پیکهاتبوو لە بریزان هیواناسیح و سامان موحەمەد سەردانی مانگرتوونیان کردو پچەپکە گولی پیرۆزبایان پیشەشە بە ئەحمەد عەلی کردو پیرۆزبایان لەتەواوی مانگرتوان کرد ، دواتریش کاتژمیر 6,30 پاریزەری ناوداری سویسری ( شپیشا ) کوریکی بۆ مانگرتوان سازککرد ، شیلیشا لە کورەکەیدا دوای پەیامی پیرۆزبای خۆی و پشتیوانی دەبربرینی لە مانگرتوواتن و خواستەکانیان باسیکی میژووی سەبارەت بە دروست بوونی یاساکانی سویسرا کردو سیاسەتی پەنابەرای سوسیرا دایە بەر رەخنە , دوابە دوای قسەکانی ( شپیشا ) مانگرتوان کۆمەللی پرسیارەی جۆرو جۆریان لیکردو ئەویش وەلامی دانەوە مانگرتووان 24 کاتژمیر دوای کۆبوونەوەیەکیان لەگەل حکومەت مانگرتنە کەیان دریژە پیداو ئەمرۆ دوانیورۆی 21 / 12 مانگرتنەکەیتان کۆتایی پیهینانو بریاریان دا لە داهاتوودا دریژە بە خەباتی خۆیان دژ بە هیرشەکانی دەولەتی سوسرا بدەن .

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ بەڕێز قادر عزیز سکرتێری حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لەپەیوەند بە کارو پرۆژەکانی فیدراسیون، بە تایبەت یاداشتێك کەسکرتێری فیدراسیون هاوڕێ دەشتی جەمال ئاراستەی پەرلەمانی کوردستانی کردوە سەبارەت بەکێشەی گەڕانەوەی پەنابەران وهەڵوێستی پەرلەمان

**فیدراسیون** / تا چ ئاستێک ئاگاتان لە کارەکانی فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقییە ؟

**قادر عزیز** : لە نزیکەوە لە ڕێگەی پەیوەندی بەردەوام بە کاک دەشتیەوە ئاگاداری هەموو چالاکیەکانی فیدراسیونی پەنابەرانم کە بەراستی هەوڵەکانتان بۆ هەمووومان جێگەی ڕێزو پێزانینە .

**فیدراسیون** / ئێوە کارەکانی فیدراسیونی پەنابەران چۆن دەبینن ؟

**قادر عزیز** : کاروچاکییەکانتان هەمیشە بەرز دەنرخێنم وهیوادارم لەسەری بەردەوام بن، چونکە پەنابەران بەتایبەتیش ئەوانەی کە لە ژێر فشاری گرتن ڕەوانەکردنەوەدان پێویستی زۆریان بە هاوکاری مرۆڤ دۆستانەی ڕێکخراوەکەی ئێوەو خەڵکانی تر هەیە .

**فیدراسیون** / ئەوەندەی ئاگادارین ئێوە هاوکاری فیدراسیونی پەنابەران دەکەن وە بەڵێنی ئەوەتان داوە لە ئاستی توانای خۆتاندا پرۆژەکانی بەرنە پێشەوە دەکرێت هەندێ ڕوون کردنەوەمان بۆ باس بکەیت لەسەر ئەم مەسەلەیە .

**قادر عزیز** : بەڵێ ئەوەی لە دەستمان بێت لێرە بۆ هاوکاری ڕێکخراوەکەتان کە هاوکاری پەنابەرنە دریغی ناکەین، بۆئەمەش لەنزیکەوە لەگەڵ کاک دەشتی جەمال سەرۆکی فیدراسیون لە پەیوەندی داین، لە چالاکیەکانتان لە ڕاگەیاندنەکانی خۆمان بلاودەکەینەوە، دواجاریش ئەو یاداشتەی کە بۆ پەرلەمان بەرزتان کردوە لێرە وەک دەڵێن کەمپەینێکی باشمان بۆ کردووە، بەلام هێشتا وەک پێویست پەرلەمان و حکومەتی کوردستان بەدەنگ یاداشتەکەوە نەهاتوون. چونکە حکومەتی کوردستان و هێڵە ئاسمانییەکان هێشتا ئاسانکاری بۆ ناردنەوەی پەنابەران دەکەن کە ئەمەش ئەو لایەنانە زیاتر هاندەدات بۆ ناردنەوەی پەنابەران، بۆیە دەبێت کارێک بکرێت کە حکومەت وهێڵەکان ئەو ئاسانکارییە لەهێنانەوەی پەنابەران بۆ کوردستان نەکەن، کەبەمەش ئەو دەوڵەتانە ناچاردەبن کە چاو بە ناردنەوەی پەنابەراندا بۆ کوردستان بخشێننەوە .

**فیدراسیون** / ئەو پرۆژەی کە سکرتێری فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی هاوڕێ ( دەشتی جەمال ) بۆ ئێوەی ناردووە کە بڕیارە لەڕێگەی بەڕێزتانەوە بدرێت بە پەلەرلەمانی کوردستان چۆنە ؟ ئەگەر زەحمەت نەبێت بۆمان باس بکەیت .

**قادر عزیز** : پرۆژەکە هەر ئەو یاداشتە بوو کە کاک دەشتی جەمال لە ڕێگەی منەوە ڕەوانەی کردبوو کە لێرە بە سەر پەرلەمان ولیژنەکان و وەزارەتی مافی مرۆڤدا بلاومان کردەوە، بە ئومێدی ئەوەی کە پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنێکی تایبەتدا باروردخی پەنابەران تاوتوێ بکات و دوا لە حکومەتی کوردستان بکات کە ڕێگە بە گێڕانەوەی پەنابەران نەدات، بەلام بەداخەوە تا ئێستا پەرلەمان ئەو دانیشتنەی لەسەر ئەو بابەتەدا ئەنجام نەداوەو ئێمەش هەر چاوەڕوانین .

" " " " " " " " " " " " "

**فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی پێویستی بە کۆمەکی مالی ئێوەیە !**

سووتمەنی و گرانیدا ، بەشەرو تۆباران وهێرشە بەردەوامەکانی حکومەتی تورکیا بەڕێ دەکەن. زنجیرەی هەموو ئەم هۆکارانەش شەپۆلی ئاوارەبوونی لە ئاستێکی بێ ڕابردودا بەرفراوان کردوەتەوە لەحالێکدا کە یەک بەیەکی وولاتانی ئەوروپا و یوینیش دەروازەیان لەرووی قوربانیانی ئەم کارەساتانەدا داخستووە !

تەنیا ئومێدیک لەم جیهانە رەش و تاریکەدا کە مافی پەنابەری گەیاندوەتە ؛؛ قولەی قاف ؛؛ و دەیان هەزار ئینسان لەبەردەم مەترسی دیپۆرت کردنەوەدا بوون ، بەلام فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەری عیراقی ئەو ئومیدو هیوایە بووە کە ئەگەر تەنیا هەلسورانەکانی ساڵی ڕابردو بە پێوانە لە قەلەم بدرێت، ئەوا دەکرێ لە ساڵی ئاییندە تروسکەی ئەم ئومیدە پرشنکدارترو درەوشاوەتر بکەینەوە، بۆیە جێگەی خۆی پێنانە ساڵی ئاییندە بە ساڵی گورانکاری ژیانی ئەم ئینسانە بزانین و سەنگەریک بەهێزە بکەین کە ئالای ژیانێکی باشتری بۆ ئەم ئینسانانە بەدەستەوە گرتووە. کەواتە لەگەڵ پیرۆزبای کردنی ساڵی نوێ دا دەستخۆشی هەموو هەلسوراوانی فیدراسیون و هەموو ئەو حزب و لایەنە ئینسان دۆست و پەنابەری و ئازادیخوازنە بکەین کە دەوریان هەبووە لە هەنگاو بەهەنگاوی پیشرویەکانی ئەم ساڵەی کە ئەمرۆ لە دواین چرکە ساتەکانیدا بەسەر دەبەین ! ریبوار عارف 007/12/30

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## بانگەوازێك بۆ بەرگریکەرانی مافەکانی پەنابەران و هەڵسوڕاوانی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی لەئەڵمانیا....

پەنابەرانی کوردستانی عێراق بەتایبەتی و عێراقی بەگشتی لەئەڵمانیا لەگەڵ هەلومەرجێکی سەختی ژیان بەرەوڕوون, دیپۆرتی هەمەڕۆژە, تازەنەکردنەوەی ئیقامەکان, دابڕانی چەند ساڵەی هاوسەر ومناڵ, ترس لەلێسەندنەوەی ئیقامەی ئینسانی, ....پەرەگرتنی ڕاسیزم و گروپی ڕاسیستی, بێگانەدوژمنی و ئایزەلاسیۆن و دابڕان لەکۆمەڵگاو دوورکەوتنەوە لەخۆشی و بەختەوەرییەکانی هاوچەرخی ئەڵمانیا...

ئەم هەلومەرجەی ژیان پێویستی واقعی بەبوونی ڕێکخراوەیەکی جەماوەری هەیە کە لەبەرامبەر سیاسەتی دژی پەنابەری دەوڵەتی ئەڵمانیا بوەستێتەوە. ئەم سیاسەتەی دەوڵەت خۆی بەرئەنجامی نەبوونی ڕێکخراوەیەکی بەهێزی ئامادە بۆ بەرانگاری لەگەڵ دەوڵەت هەیە لەنێوخودی پەنابەراندا. جێگای ڕێکخراوەیەکی جەماوەری وتێگەیشتوو لەخواست و ئامانجەکانی پەنابەران و پێکهاتوو لەنێو پەنابەران خاڵیە. ڕێکخراوەیەک بتوانێت, نارەزایەتی جەماوەری پەنابەر سازمانبداو هەڵخرێنێ و یەکگرتوو بکات و لەتەنیشت ڕێکخراووکەسایەتیە ئینسانیەکان لەبەرامبەر دەوڵەت ڕاوەستێ. بەهۆی نەبوونی ئەم ڕێکخراوەوە, بەزۆری پەنابەران پەنا دەبەنە بەر هانای تاکی و هەوڵی سەرنەکەوتوو, لەئەنجامیشدا بئومێدی و فەزای کابووس بەسەر ژیان و خەباتی تاکەکاندا دادەپۆشێ ولەنێو ئەم پرۆسەیەدا دەیان کەس لەگەڵ نەخۆشی دەروونی و ئیدمان بوون و ڕەفتاری توندوتیژی وزیندان بەرەو ڕوودەبن, ئەوان بۆ ڕزگاری سەریخۆیان هەڵگرتبوو, وەلی بەرەو ئایندەیەکی نادیارو ڕەش دەڕۆن. بەرپرسیارەتی تەواو لەئەستۆی سیاسەتێکە کە دەوڵەت لەکێشەی پەناریدا جێبەجێی دەکات.

هاوڕێیانی پەنابەروهەڵسوڕاوانی مافەکانی پەنابەران...ئەو دەرگاو پەنجەرەی ئومێدانە بکەنەوە لە ژووره تاریکەکانی پەنابەران, ئازادیخوازان و ڕۆشنبیران ڕۆڵتان هەبێت لەبەدەستهێنانی مافی نیشتەجێبوونی بۆ پەنابەرانی کوردستانی عێراق و عێراقی. لەپاراستنیان لەڕاسیزم و ڕاستڕەوەکان, هزرو بیرو ئاکاری مەدەنیانەو ئینسانیانەی پەنابەرانی کوردستانی عێراق و عێراق بەکۆمەڵگای ئەڵمانیا و ڕێکخراوەو حزبەکانیان و بەدەوڵەتی مێرکل بناسێنن.زۆربەتان ناوی ڕێکخراوەکەی ئێمەتان بیستووە, وە هەندێک لەئێوە لەچەند ساڵی ڕابردوودا لەخەبات و تێکۆشانەکانی دا ڕۆڵی گرنگ و پڕبایەختان گێڕاوە. فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی ڕێکخراوەیەکی جەماوەری و سیاسی وئینسانی یە, فەلسەفەی پەیدابوونی بەرگری سەرسەخت و ئەوپەڕی لەماف و ژیانی پەنابەرانی عێراقی دەکات لەتەواوی گۆی زەوی. بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکانی مافی مرۆڤ و مافەکانی مناڵان و ژنان بەبەرنامەی خۆی دەزانێت و خەباتی بۆ دەکات. بڕیارنامەی مافەکانی پەنابەران پەسەندکراوەی کۆنگرەی یەکەمی ستکۆهۆڵمی ئۆگووستی 2007 ی فیدراسیۆنە, یەکێک لەپێشکەووتوترین بڕیارنامە جیهانیەکانە بۆ کێشەی پەنابەری و مافەکانی پەنابەر لەسەدەی بیست ویەکەمدا. دژی ڕاسیست ودژی هەموو جۆرە جیاکارییەکی نێوان ئینسانەکانە لەسەر بنچینەی زمان و ڕەگەزو بیروباوەڕو ئیمان و دین ووولات. ئێمە پێمان وایە هیچ کەس ناقانوونی نیە, هەموو کەس مافی ژیان و کارکردنی هەیە.مافی نیشتەجێبوون یەکێک لەسەرەتایترین مافەکانی پەنابەران و کۆچکردوانە. ئێمە پێمان وایە, مافەکانی پەنابەر بەشێکن لەمافەکانی ئینسان و لەو وولاتانەی مافەکانی پەنابەر پێشێل دەکرێت, مافەکانی ئینسان نیە. سەرەتای کارمان لەکۆبوونەوەی هەڵسوڕاوانی مافەکانی پەنابەر و پەنابەران لەکانتۆنەکانەوە بێت و ناوکی ڕێکخراوەیەکی جەماوەری دروست بکەین, ئەم یەکەیە وەک ڕێکخراوەیەک پەیوەندی لەگەڵ پەنابەران, لەگەڵ ڕێکخراوەکانی بواری پەنابەری, لەگەڵ وەزارەتی کاروباری پەنابەری, لەگەڵ کەسایەتیەکان و پەرلەمانتارەکان, دامەزرێنێ. لەئاستی کانتۆنەکاندا خەبات ونارەزایەتی پەنابەران لەخۆیدا بنوێنێ . پاشان ئەگەر فورسەت هەبوو فیدراسیۆنی ئەم یەکانە لەئاستی وولاتی ئەڵمانیا یەکبگرن و خەباتێکی سەراسەری و هاوئاهەنگ ویەکپارچە بەڕێبخرێت.

سکرتاریەتی سەراسەری فیدراسیۆن لە هەموو بارێکەوە ئامادەی هەموو هاوکاری وپێویستیەکم کە بەئێمەی بسپێرن.

دەستەکانتان بەگەرمی دەگووشم و هیوادارم لەخەبات وژیاندا سەرکەووتووبن.

ئادرەسی ئیمەیل و تەلەفۆنی جەمال کۆشش بەرپرسی ڕێکخستنی سەراسەری فیدراسیۆن

0041787557786 email-jamal-hasan@hotmail.com

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com